# هاوڕێ ی خۆشەویست فاتح شێخ

لەیادی 65 ساڵەی لە دایك بونی ئێوەی خۆشەویستدا لە قوڵایی دڵمەوە، هیوادارم کە بۆ بزوتنەوەکەمان بۆ هەردوو حزبی حیکمەتیو کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، بۆ ئیمە وەکو ژمارەیەك لە هاوڕییانی خۆت، بە تەندروستیەکی زۆر باشەوە لەکەنارمان بیت.

بونی ئێوە لەگەڵمانو لەنێو ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دا مایەی ئیفتخارێکی هیجگار گەورەیە بۆ شەخسی خۆم. شەخسیەتی ئێوە، مێژوییەکە بەتوند پێچە سیاسیەکانی سێ دەیەی ڕابوردووەوە گرێ ی خواردەوە. فاتح یەکێك لەرابەرانی ناسراوی شاری مەریوان، فاتح یەکێك لەنوێنەرانی خەڵکی کوردستانی ئێران، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1979 ، فاتح یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، فاتح یەکێك لە رەخنەگرانی ناسراوی بە سەلیەقەی ناسیونالیزمی کورد، فاتح وەك دوژمنێکی سەرسەختی چینایەتی جمهوری ئیسلامی ئێرانو ئیسلامی سیاسی، فاتح وەك کەسایەتییەکی ناسراوی مارکسستیو راوەستاو بەرانبەر هێرشەکانی بورژوازی جیهانی بۆ سەر کۆمۆنیزم لە سەرەتای نەوەتەکاندا ... فاتح کەسایەتی ناسراوی کۆمەڵگا لە کوردستانی ئێرانو عێراق...



فاتیحی خۆشەویست

رۆژی لەدیك بوونی ئێوە، پێویستی بەوە هەبوو، کە ئێمە لەعێراقەوە لە سەنتەری دەسەلاتەوە، ریزمان لێبگراتایە. پێویستی بەوەهەیە کە ئێمە لەناوچەی نفوزی خۆمانەوە پیرۆزبایمان لە ئیوەی خۆشەویست بکردایەو بەم بۆنەوە پێم وابوو دەمان توانی بڕوانامەیەك ببەخشین بە ئێوە کە لایەنی کەمی ئارەزووەکانی ئیمەو ئیوەی تیر بکردایە، ئارەزووی رزگاری بەشەرییەت. حەتمەن ئیمە لەبردنە پێشەوەی ئەم خەباتەماندا بێ وەستان خەبات دەکەین. هیوادارم لایەنی کەم هێندەی دیکە لەگەڵ مان بیتو بێوەستان پێکەوە ئەمری چینایەتی خۆمان بەدیبهێنین.

بەناوی گشت ئەندامانی مەکتەب سیاسیو کۆمیتە مەرکەزی حزبەوە، پیرۆزبایتان لێدەکەمو دەست لەملان ئەملاولاتان ماچ دەکەم.

هەرسەرکەوتوبن

سامان کەریم

سەرۆکی مەکتەب سیاسی

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2007/3/24